# سەد ساڵ پاش لۆزان

## بەرهەمی سەکۆی گەنجانی کوردستان

لیژنەی ئامادەکار

**ئاریان ئومێد - ڕێڤان عوسمان**

KYP Kurdistan Youth Platform

2023

100 Years After Lausanne

# سەد ساڵ پاش لۆزان

## سەکۆی گەنجانی کوردستان


ناميلكەی سەد ساڵ پاش لۆزان

لیژنەی ئامادەکار | ئاریان ئومێد - ڕێڤان عوسمان

پێداچوونەوە و هەڵەچنی | بەڵێن عزەت میکە

دیزاینی بەرگ و تێکست | کەیوان قادری

چاپ | یەکەم 2023

چاپخانەی........

تیراژ | 500 دانە


KYP Kurdistan Youth Platform


مافی ئەم نامیلکەیە پارێزراوە و بە بێ ڕەزامەندی سەکۆی گەنجانی کوردستان، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نیە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە جا ئەگەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی یان هەر شێوازێکیتری لەبەرگرتنەوە بێت

# سەد ساڵ پاش لۆزان

لیژنەی ئامادەکار | ئاریان ئومێد . ڕێڤان عوسمان

سەکۆی گەنجانی کوردستان

پێشکەشە بە هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و ئازادی کوردستان

KYP Kurdistan Youth Platform
سەکۆی گەنجانی کوردستان

# سەد ساڵ پاش لۆزان

## بەرایی

ئـەم ناميلكەيـەی بەردەسـتتان يەكـەم چاپكـراوی سـەكۆی گەنجانـی كوردسـتانە، كـە زۆر بـە كورتـی و بـە خێرايـی باسـی سـەدەيەك لـە ژيانـی كـورد دەكات لـە سـاڵی (١٩٢٣) تـا (٢٠٢٣) واتـە ئێمـە باسـی سـەد سـاڵ دەكەيـن پـاش لـۆزان، هـەر ناوێـك كـە لێـرەدا هاتووە ئەگـەر گەڕانێكی سادەی بـۆ بكەيت دەريايەك لـە كۆڵنەدانـی كـورد و سـتەم و زۆرداری داگيركەرانـت پێنيشـان دەدات. ئـەم نـووسراوە گێڕانەوەيەكـی زۆر خێرايـە، بۆيـە داوا لـە خوێنـەر دەكەيـن بـە هێواشـی بـەدوای ئـەو سـەرەداوانە بكـەوێ. ئێمـە ئەمـە دەگەيەنيـن بـۆ ئاگايـی نـەك بـۆ دروسـتكردنی كينـە، هەوڵـەكان و مەترسـيەكان بـاس دەكەيـن بـە بەڵگـەی ڕووداوەكان، تـا لـە داهاتـوودا كارەسـاتەكان دووبـارە نەبنـەوە.

پەيمانـی لـۆزان لـە ٢٤ی تەمـووزی (١٩٢٣) لەنێـوان توركيـا و هاوپەيمانانـدا بەسـترا، بەپێـی ئـەم پەيمانـە توركيـا هيـچ مەرجێكـی سـەبارەت بـە مافـی نەتەوەكانـی ديكـە بەسـەردا نەسـەپێنرا. لـۆزان وەك پەيماننامـە، بـەراورد بـە پەيماننامەكانـی ديكـە جياوازييەكـی گـەورەی هەيـە، چونكـە بـووە بـە هۆكاری سـەد سـاڵ نائارامـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بـە كورتـی دەرئەنجامـی لـۆزان ڕەوايەتـی دانبـوو بـە جينۆسـايدكردنی كـورد.

## بەرەنگاربوونەوەکەی شێخ مەحموودی حەفید

ڕەنگە بەرجەستەترین و نزیکترین ڕەنگدانەوەی لۆزان بەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، لە شۆڕش و بەرخۆدانەکانی شێخ مەحمودی حەفید لە بیستەکانی سەدەی ڕابردودا خۆی بنوێنێ، کاتێک شێخ مەحموود پاش ئاوارەیی لە هیندستان گەڕایەوە و دووبارە کرایەوە بە حوکمداری سلێمانی و پاش ماوەیەکی کەم خۆی بە پاشای کوردستان ناساند و کابینەی حکومەتەکەی ڕاگەیاند، بەریتانیا لە سەرەتادا لە ترسی هەژموونی تورک بەسەر ویلایەتی موسڵەوە چاوی لە بەشێک لە کردەوەکانی شێخ مەحموود پۆشی، بەڵام کاتێک تورکان لە پەیمانی لۆزاندا ڕازی بوون بەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، ئیتر ئینگلیز هەڵوێستی بەرامبەر شێخ مەحموود گۆڕانی گەورەی بەخۆیەوە بینی و بە هەموو شێوەیەک دژی وەستانەوە، تا ئەوەی لە ساڵی (١٩٢٥) هێرشیان کردە سەر پێنجوێن و دواین ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شێخیان داگیرکرد، بەمەش حکومەتێکی پاشایەتیی کوردییان لە باشووری کوردستان کۆتایی پێهێنا.
بەریتانیا بێ ئەوەی ترسی لە چاودێری و لۆمەی هیچ لایەنێک هەبێت، ئەوپەڕی توانای خۆی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد خستەگەڕ و سڵی لە کوشتنی خەڵکی سڤیلیش نەکردوە، بەتایبەت کاتێک بە فڕۆکە و چەکی

قورس بۆردمانی شاری سلێمانی کرد و چەندین کەسی سڤیلی لە ژن و منداڵ شەهید کرد و زیانێکی مادی گەورەشی بە شارەکە گەیاند.
لە ماوەی ئەم ١٠٠ ساڵەدا داگیرکاران ئەوپەڕی توانای خۆیان بەکارهێنا بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد، وە کوردانیش درێغیان نەکرد لە شۆڕشی ڕەواو و نەیان هێشتوە دوژمن بۆ یەک ساتیش بە ئارامی لەسەر خاکیان بنوێ.

## شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران

پاش شۆڕشی شێخ مەحمود، شۆڕشی دووەم لە باکووری وڵات بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران لە شوباتی (١٩٢٥) هەڵدەگیرسێ. ئەمەش دوای ئەوەبوو کە شێخی پیران یاداشتێک بە ناوی خۆی و سەرۆک هۆزەکانی کوردەوە دەنێرێت بۆ ئەنقەرە، پەیوەندی بە سمکۆی شکاک و شێخ مەحمودیشەوە دەکات، لە یاداشتەکەدا دەنوسێت: "کورد بە ناوی خەلافەتی ئیسلامەوە لە سایەی ئەو دەوڵەتەدا ژیاوە، بەڵام کە ئەو دەوڵەتە نەما و بوو بە مەسەلەی نەتەوایەتی، کوردیش وەک عەرەب و تورک مافی خۆیەتی بەدەستی خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات".
ئەگەرچی بڕیاربوو ئەو شۆڕشە لەلایەن بەشێک لە ئەفسەرە کوردە خاوەن ئەزموونەکانی ناو سوپاوە سەرپەرشتی بکرێت، بەڵام بەهۆی پێکدادانێکی پێشوەختەی جەندرمەی تورک و ژمارەیەک لە شۆڕشگێڕان، شۆڕش لە وادەی خۆیدا کە یەکەم ڕۆژی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز بوو هەڵنەگیرسا، ئەمەش وایکرد بەشێکی زۆری ئەفسەرەکان لەلایەن ڕژێمی تورکەوە ئاشکرا ببن و شەهید بکرێن، بەمە شۆڕشەکە لە کارامەیی ئەو ئەفسەرانە بێبەش بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەماوەیەکی کەمدا شۆڕش بەشێکی فراوانی باکووری

کوردستانی گرتـەوە، ڕژێمـی تـورک ناچـار بـوو ژمارەیەکـی زۆر لـە گەنجانـی تـازە پێگەیشتوی تـورک ڕاپێچـی سـوپا بـکات، هـاوکات لەگـەڵ فەرەنسییەکاندا ڕێککەوتـن بەمـەش توانـی سـوود لـە هێڵـی ئاسنینی حەلـەب وەربگرێـت و بەشـێکی سـوپاکەی بگەیەنێتـە سـەنگەرەکانی پشـتەوەی شۆڕشـگێڕان.

شـێخ و هاوڕێیانـی تـا توانیـان لـە شـۆرش بـەردەوام بـوون، کـە زیندانـی کـران لەسـەر هەڵوێسـت بـەردەوام بـوون، بریـاری لـە سـێدارەدانیان بـۆ دەرچـوو، شـێخ لـە بـەر پەتـی سـێدارەدا وتـی بەهیـچ شـێوەیەک پەشـیمانی ئەو تێکۆشـانە نیـم کـە لـە پێنـاوی نیشـتمان و گەلەکەمـدا گیانـم بەخـت دەکـەم، شـێخی پیـران لـە سـێدارە درا و تائێسـتاش گۆڕەکـەی بەنادیایـاری ماوەتـەوە.

لـەو ڕۆژەوە نـاوی کـورد لـە تورکیـا، بـووە تورکـی چیایـی و مسـتەفا کەمالیـش بـە کـورد کوشـتن بـووە ئەتاتـورک. لـە سـەرکوتکردنی شۆڕشـەکەدا سـوپای تـورک ئەوپـەڕی دڵڕەقـی لـە بەرامبـەر کـوردان نیشـاندا، بـە جۆرێـک پـتر لـە (١٥,٠٠٠) پـازدە هـەزار کـەس کـوژران، بـە هـەزاران کـەس لـە کوردسـتانەوە بـەرەو ناوچەکانـی ڕۆژئـاوای تورکیـا ڕاگوێـزران، کـە ژمارەیـان بـە زیاتـر لـە نیـو ملیـۆن کـەس دەخەمڵێندرێـت، سـەدان کـەس لـە ڕێگـەدا لـە برسـان و لـە سـەرمادا گیانیـان لەدەسـتدا، لەگـەڵ ئەمانـەدا پەرلەمانـی تـورک بڕیارێکـی بـۆ پێکهێنانـی دادگای سـەربازی سـەربەخۆ لـە ناوچەکانـی شـۆڕش دەرکـرد، ئـەم دادگایانـە دەسـەڵاتێکی زۆریـان پێدرابـوو، فەرمانـی گولەبارانکردنیـان بـۆ هەرکەسـێک دەردەکـرد کـە گومانـی لایەنگری شۆڕشـەکەی لـێ کرابـا، ئەمـە یەکەم ڕاگواسـتن و جینۆسـایدی کـورد بـوو لـە دوای پەیمانـی لـۆزان.

# شۆڕشی ئاگریداخ

ڕژێمی تورک پاش کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنەکان، دەیزانی کارەکەی ناڕەوایە و ناڕەزایی کوردەکانی بەدوادا دێ، بۆیە لە پەرچەکرداری کوردان دەترسا و بۆ لە ناوبردنی ئەم ترسە خێراتر کەوتبووە کارکردن. بە شێوەیەکی چڕتر دەستیدایە سڕینەوە و بەتورککردنی کورد، ئەمەش شۆڕشی ئاگریداغی بەدوای خۆیدا هێنا کە دروشمیان "جڤاتا وڵاتێ کوردا" بوو کە بە مانای سەبەخۆبوون دێت.

شۆڕشەکە بۆ ماوەی چوار ساڵ درێژەی کێشا (١٩٢٧-١٩٣١)، کۆمەڵەی خۆیبوون ڕێبەریی ئەم شۆڕشەی دەکرد، ئیحسان نوری پاشا وەک فەرماندەی گشتی هێزی چەکداری شۆڕش بوو. بۆ ماوەیەکی زۆر بەرهەڵستی سوپای تورکیان کرد و زەرەر و زیانێکی زۆریان پێگەیاندن و کۆماری ئاراراتیان بنیاتنا، کە لەپاش لۆزانەوە بووە سێیەم حکومەتی کوردی دوای حکومەتی کوردستانی سوور (١٩٢٣-١٩٢٩)، ئەوە بوو ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد و پەیوەندیان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش بەست.

حوکمەتی ئەنکەرە بەپەلە لەگەڵ ڕەزاشای پەهلەوی ڕێکەوتن بۆ لێدان لە شۆڕشەکە، چوونکە شۆرشەکە بەشێکی گوازرابوەوە بۆ دیوی ڕۆژهەڵات، بۆیە بەو ڕێکەوتنە توانی دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شۆڕشگێڕان بگرێت.

سوپای تورک کە توانای بەرەنگاری شۆرشگێرانی نەبوو، هێرشی کرد بۆ سەر کەسوکاریان و بەمەش پاکتاوکردنی ماڵباتی کوردە شۆڕشگێڕەکان دەستپێکرد، سوپای تورک ئازایەتی خۆی بەرامبەر خەڵکی سڤیل و بێ چەک دەنواند، بەتایبەت لە کۆمەڵکوژی گەورەی دۆڵی زیلان لە تەموزی (١٩٣٠) سوپا زیاتر لە (١٨٠) سەدوهەشتا گوندی لەو دۆڵەدا وێرانکرد.

ڕۆژنامـەی حورییەتـی تورکـی ددانـی بـە کوژرانـی (١٥,٠٠٠) پـازدە هـەزار کەسـدا نـاوە، بـەڵام ژمارەکـە زۆر لـەوە زیاتـر بـوو، بـە نزیکەیـی (٥٠,٠٠٠) پەنجـا هـەزار کـورد لـەم کۆمەڵکوژیـەدا تیاچـوون.
دەسـتدرێژی سێکسـی و سـوکایەتی بـۆ سـەر ئـەو خەڵکـە سـڤیلە لـەکارە لەپێشـینەکانی سـوپای تـورک بـوو، ڕژێمـی تـورک لـە یاسـاغکردنی زمانـی کـوردی و نکۆڵیکـردن لـە بوونـی کـورد سـەختگیرترو دڕتـر بـوو. کـە ئەمـەش دووەم جینۆسـایدی کـوردان بـوو دوای پەیمانـی لـۆزان.

## ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات

بەپێـی ڕێککەوتنـی زلهێـزەکان بەشـێکی کوردسـتان بـەر فەرەنسـیەکان کـەوت و چـووە سـەر دەوڵەتـی سووریا، دەوڵەتـی سـووریا بـەم شـێوەیەی ئێسـتا سـاڵی (١٩٢٠) دامـەزرا، بـەڵام سـەرەتا وەک پێنـج هەرێـم بـوو، ڕاسـتەوخۆ فەرەنسا حوکمـی دەکـرد، هـەر بۆیـە کـوردان لـە سـەرەتاوە زیاتـر دژی فەرەنسـییەکان ڕادەپەریـن، ڕاپەرینـی ئیبراهیـم هەنانـۆ تـا سـەعید ئاغـا کـە لـە (١٩٣٧) شـاری عامۆدیـی کۆنتـڕۆڵ کـرد. کوردانـی ڕۆژئـاوا تـا ئـەم قۆناغـە هاوکارێکـی باشـی شۆڕشـەکانی باکـوور بـوون پاشـتر بـوون بـە هـاوکاری شۆڕشـەکانی باشـووریش.
هەرچـی دیـوی ڕۆژهەڵاتـی کوردستانیشـە وەنەبـێ ڕژێمێکـی باشـتر لـە ڕژێمـی تـورک حوکمـی کردبێـت، ئەگـەر بڕوانیـن ڕژێمـی ڕەزاشـای پەهلـەوی لـە ئێرانـدا زۆر بـە سـەختی ڕووبـەڕووی دووەمیـن شـۆڕشـی سـمکۆخانی شـکاک بـووەوە، کـوردەکان تینـوی ئاشـتی و داگیرکـەران تینـوی خوێـن بـوون، هـەر بۆیـە سـمکۆخانی شـکاک لەگـەڵ دانوسـتاندا بـوو، دوژمنانیـش لەگـەڵ پیلان و ناپاکـی، تـا ئـەوەی بـە فێـڵ و تەڵەکـە لـە سـاڵی (١٩٣٠) بانگێشـتی شـاری

(شنۆ)یان کرد و لەوێدا تیرۆریان کرد. ئەمەش لوتکەی بێ ڕەوشتی سیاسیە. بەدەر لەمانەش ڕژێمی ڕەزاشا جلوبەرگی کوردەوارییانەی قەدەغەکرد و پۆشاکی ڕۆژئاواییان بەسەردا سەپاندن، ئەوە هیچ کە زمانی خوێندنیش بە فارسی بوو، زمانی کوردی بە تەواوی پەراوێز خرابوو. ئەمەش سێیەم جینۆسایدی کوردان بوو دوای پەیمانی لۆزان کە جینۆسایدی کولتوورییە.

## سەرهەڵدانی یەکەمین خەباتی بێچەک لە کوردستان

هەر لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیستدا شۆڕش و بەرەنگاری لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانیشدا سەریانهەڵدا، لەوانە باشووری کوردستان کە لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک ڕوداوی جیاوازی بەخۆیەوە بینی، یەکێک لەوانە (ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا) بوو لە شاری سلێمانی لە شەشی ئەیلولی (١٩٣٠) کاتێک بەریتانیا و ڕژێمی عەرەبی عێراقی ڕێککەوتننامەیەکیان بەست کە بە پەیمانی حوزەیران ناسراوە، بە پێچەوانەی ئەو بەڵێنانەی لە پێشتردا و بەتایبەت لەساتەوەختی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە بە کوردیان دابوو بۆ چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی، لەم پەیمانەدا هیچ باسێک لە مافی کورد نەکرابوو.

سەرەڕای ئەوەش دەیانویست لەڕێی هەڵبژاردنێکەوە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێرن و دەنگ بە پەیمانەکە بدرێت تا شەرعیەتی یاسایی وەربگرێت، بەڵام ئەمە لەلایەن چینی ڕۆشنبیر و خەباتگێڕی کوردەوە ڕەتکرایەوە بەتایبەت لە شاری سلێمانی. ئەوەبوو لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەڵبژاردنەکەدا خەڵکی سلێمانی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا بێ پەنابردن بۆ

چـەک و لەڕێـی خەباتـی مەدەنـی و خۆپیشـاندانەوە ناڕەزایەتی خۆیـان دەربڕی، بـەڵام هێزەکانـی عێـراق و بەریتانیـا زۆر بەتونـدی بەرپەرچـی خۆپیشـاندەرانیان دایـەوە و (١٣) سـێزدە کەسـیان شـەهیدکردوو پـتر لـە (٤٠) چـل کەسیشـیان برینداركـرد.

پـاش ئـەم ڕوداوە، شـێخ مەحمـوودی حەفیـد کـە لـەو کاتـەدا لەسـەر سـنوری ڕۆژهــەڵات و باشــووری کوردســتان بــوو، پەیامــی بــۆ حکومەتــی عێــراق و بەریتانیـا نـارد و داوایکـرد بـە زوتریـن کات تاوانبارانـی ئـەو کۆمەڵکوژییـە سـزا بدرێـن، بـەڵام سـەرانی عێـراق و ئینگلیـز قسـەکانی شـێخیان بەهەنـد وەرنەگرت و بگـرە دژایەتیشـیان کـرد.

ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی دووبـارە شـێخ پەنـا بـۆ شـۆڕشـی چەکـداری ببـات و پێنجوێـن ئـازاد بـکات، بـەڵام شـێخ لـەو بـاوەڕەدا بـوو کلیلـی سـەرکەوتنی شـۆڕشـی کـورد ئازادکردنـی شـاری کەرکوکـە، بۆیـە بەهێزێکـەوە بـەرەو کەرکوک کەوتــەڕێ تــا ئــەوەی لــە شــەڕی ئاوباریکــدا بەهــۆی نابەرامبــەری هێــزو و هەروەهــا ڕێگـری هێزەکانــی ئێــران لــە پەڕینــەوی شۆڕشــگێڕان لــە ســنووری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، وایکـرد ئەنجامـی شـەڕەکە بەدڵـی کـوردان نەبـێ.

## شۆڕشی یەکەمی بارزان دوای لۆزان

ئەگەرچـی دووژمـن لـە تـەواوی ناوچەکانـی کوردسـتانی گـەورەدا لەهەوڵـی بەردەوامدابـووە بـۆ زاڵبـوون بەسـەر جوڵانـەوە کوردییەکانـدا، بـەڵام هـەرکات لە شـوێنێک شۆڕشـێکی سـەرکووت کردبێـت، پـاش ماوەیەکـی کـەم شۆڕشـێک لـە شـوێنێکی دیکـەدا سـەری هەڵـداوە و چێـژی سـەرکەوتنی لـە دوژمن تاڵکـردووە،

هەربۆیـە دەبینیـن کاتێـک ماوەیەکـی ئەوتـۆ بەسـەر سـەرکەوتنی دوژمـن بەسـەر شـێخ مەحمـووددا تێنەپەڕیـوە، شۆڕشـێکی دیکـە سـەرهەڵدەدات، کـە ئەویـش شۆڕشـی یەکەمـی بارزانـە بـە سـەرکردایەتی شـێخ ئەحمـەدی بـارزان لە (١٩٣١-١٩٣٢)، ئەویـش کاتێـک دژی دەسـتوەردانی حکومەتـی عێـراق و ئینگلیـز وەسـتایەوە، کـە دەیانویسـت ئـاژاوە لەنێـو هۆزەکانـی ناوچەکـەدا دروسـتبکەن و هـاوکات بنکـەی پۆلیـس لـەو ناوچەیـە دابمەزرێنـن و ئـەو سـەربەخۆییەی ماوەیەکـی زۆربـوو کوردانـی ناوچەکـە هەیانبـوو زەوتـی بکـەن، بـەڵام ئـەم هەنـگاوەی دوژمـن بەهـۆی شۆڕشـی بارزانـەوە بەربەسـتی بـۆ هاتەپێـش و زیانـی گـەورە بـە سـوپای دوژمـن گەیشـت.

بـەڵام بەهـۆی پشـتیوانی هێـزی ئاسـمانی بەریتانییـەوە کـە زۆر بـێ بەزەییانـە گوندەکانـی بۆردمـان دەکـرد و سـڵی لە کوشـتنی خەڵکی بێچەکیـش نەدەکردەوە شۆڕشـگێڕان ناچـار بـە پاشەکشـێ بـوون بـۆ خاکـی باکـووری کوردسـتان و تورکیـا، کـە دواتـر ئەنجامەکـەی بـە ڕادەسـتکردنەوەی شۆڕشـگێڕەکان لەلایـەن تورکیـاوە بـە حکومەتـی عێـراق کۆتایـی هـات، ئەویـش دوریخسـتنەوە بـۆ ناوچـە عەرەبییەکانـی عێـراق و لـە ژینگـەو ژیانـی کوردسـتان دابیڕیـن.

شـایەنی باسـە هێـزی ئاسـمانی ئینگلیـزی ڕۆڵـی سـەرەکی بینـی لـە چەسـپاندنی دەسـەڵاتی حکومەتـی عێـراق لـەو ناوچەیـە، لـەم میانەیەشـدا (٧٩) حەفتاونـۆ گونـد بـەر پەلامـاری فڕۆکـەی بەریتانـی کەوتـن و (١٣٦٥) هـەزارو سێسـەد و شەسـت و پێنـج خانـوو وێرانکـران، بەمـەش زیانێکـی زۆری گیانـی و ماڵییـان بـە ناوچەکـە گەیانـد.

# شۆڕشی دەرسیم

شۆڕشـی دەرسـیم بەچەنـد سـاڵێکی کـەم دوای شۆڕشـی بـارزان و لـە سـاڵی (١٩٣٧) هەڵگیرسـا، بـەڵام ئەمجـارە لـە باکـوری وڵات و دژی داگیرکەرێکـی دیکـەی خاکـی کوردسـتان کـە ئەویـش تورکـە کەمالییـەکان بـوون.
ئەمـەش دوای ئـەوەی حکومەتـی تورک بەناوی یاسای دووبارە نیشتەجێکردنەوە دەسـتیکرد بـە ڕاگواسـتن و هەڵکەندنـی کـوردان لە کوردسـتان و هێنانـی تورک بۆ شـوێنەکانیان، سـەید ڕەزا ڕابـەری ئـەم جوڵانـەوە شۆڕشـگێڕییە بـوو، ئەگەرچـی زۆری هەوڵـدا بەڕێگـەی ئاشـتی لەگـەڵ کەمالییـەکان بگاتـە ڕێککەوتـن، بـەڵام تـورک دەیزانـی لـە ئاشـتیدا دەدۆڕێ چونکـە کارەکەیـان خاڵیـە لـە مرۆڤبـوون و ئـەوەی سـەری دەخـات وێرانـکاری و داگیـرکاری هێـزە.
بـەو شـێوەیە نـەک هـەر گوێیـان بـە داواکاری سـەید ڕەزا نـەدا، بەڵکـوو نوێنەرەکانیشـیان کوشـتن، کوردانیـش لـە بەرامبـەر ئەمـەدا هاتنەدەسـت و گـورزی قورسـیان لـە سـووپا وەشـاند، سـووپای تـورک وەک نەریتـی هەمیشـەیی خـۆی، دەسـتی دایـە کاولکاری و سـڤیل کوشـتن، تەنانـەت باخ و دارستانەکانیشـی بەبیانـووی بوونـی شۆڕشـگێڕەکان دەسـوتاند، هـەزاران کـەس دەربـەدەر کـران و بـەرەو ناوچـە شـاخاوییە سـەختەکان هەڵهاتـن.
مـاڵ و سـامانی بەشـێکی زۆری کوردانـی ناوچەکـە دەسـتی بەسـەردا گیـرا و گونـد و ئاواییـەکان بـەر زەبـری بەهێـزی سـووپا کەوتـن، سـەختی وەرزی زسـتانی ئـەو سـاڵەش هێنـدەی دیکـە ژیانـی شۆڕشـگێڕان و خەڵکـی دەرسـیمی سـەخت و دژوارتـر کـرد و سـەدان کـەس بەهـۆی سـەرما و برسـێتیەوە گیانیـان لەدەسـتدا، لـە هەمـووی کارەسـاتبارتر ئـەوە بـوو کـە بەشـێک لـەو خەڵکـەی لـە ترسـی سـەرماو هەڵمەتـی سـوپا خۆیـان لـە ئەشـکەوتەکاندا شـاردبوویەوە

لەناو ئەشکەوتەکاندا ئاگریان تێبەردرا و کۆمەڵکوژکران. ئامارێکی تەواو بۆ قوربانیانی کورد دیار نییە، بەڵام بەپێی سەرچاوەکان زیاتر لە (٤٠,٠٠٠) چل هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە.

مەبەستی سەرەکی حکومەتی تورکیا پاکتاوی ڕەگەزی دانیشتووانی دەرسیم بوو، جگە لەوەی هەوڵی کۆمەڵکوژکردنی دانیشتوانی ناوچەکەیان دەدا، هاوکات هەزاران کەسیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیا ڕاگواست و بۆ ساڵانێکی زۆر هاتنەوەیان بۆ زێدی خۆیان لێ قەدەغەکرا، ئەمەش هەوڵێک بوو بۆ بەتورککردنی ئەم خەڵکە، هەنگاوێکی دیکە دابەشکردنی سەدان منداڵی کوردبوو بەسەر خێزانە تورکیەکاندا کەدواجار ئەمانەش لە بۆتەی کۆمەڵگەی تورکیدا دەتوانەوە و بەتورک دەبوون.

سەید ڕەزا چەکی دانەنا تا دەستگیرکرا و لە گەڵ هاوەڵانی و کوڕەکەی کە تەنها ١٥ ساڵ بوو هەمویان بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو، ئەم سەیدە شەهیدەی کوردان خۆی پەتی سێدارەی لە ملی خۆی کرد و تا ئێستاش گۆڕی ونە. بەم شێوەیە کۆمەڵکوژی دێرسیم بووە چوارەم جینۆسایدی کورد لەدوای پەیماننامەی لۆزان.

## شۆڕشی دووەمی بارزان دوای لۆزان

لە کاتێکدا شۆڕش لە باکوور خامۆشبوو، دووبارە لە باشوور سەری هەڵدایەوە، ئەویش شۆڕشی دووەمی بارزان بوو (١٩٤٣-١٩٤٥) بە ڕابەرایەتی (مستەفا بارزانی). پاش ئەوەی بارزانی بە یارمەتی پارتی هیوا و شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانی هەڵهات و بە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خۆی گەیاندەوە ناوچەی بارزان، لە ماوەیەکی کەمدا

پشـتیوانییەکی زۆری پەیداکـرد و شۆڕشـی دژی ڕژێمـی عێـراق هەڵگیرسـاند، حکومەتـی عێـراق کاتێـک زانـی لـەو هەلومەرجـەدا بـە شـەڕ ناتوانـێ بەسـەر شۆڕشـەکەدا زاڵ بـێ، ملـی بـۆ گفتوگـۆ دا و بـە داواکارییەکانـی شۆڕشـگێڕانی کـورد ڕازی بـوو، کـە گرنگترینیـان داواکاری دامەزراندنـی ویلایەتـی کوردسـتان بـوو، بـەڵام حکومـەت لـەم کارە تەنهـا مەبەسـتی بەدەستهێنانی کات بـوو تـا ئەوکاتـەی دەرفەتـی تـەواوی بـۆ ڕەخسـا و دووبـارە بـە هەمـان شـێوەی شۆڕشـی یەکەمـی بـارزان، سـوپای عێـراق بـە پاڵپشـتی هێـزی ئاسمانی بەریتانی هێرشـی بۆسـەر شۆڕشـگێڕان و گوندەکانـی ناوچەکـە دەسـتپێکردەوە.

لـە ژێـر کاریگـەری ئـەم بارودۆخـەدا شۆڕشـگێڕان ناچاربـوون پاشەکشـێ بکـەن بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، بەتایبـەت کـە لـەو کاتـەدا هەلومەرجێکـی نـوێ لـە ڕۆژهـەڵات هاتبـووە ئـاراوە و شـاری مەهابـاد لەژێـر دەسـتی پێشـەوا قـازی محەمـەد و خەباتگێڕانـی کـورددا بـوو.

## کۆماری کوردستان

لەسـەرەتای دەیـەی چوارەمـی سـەدەی بیسـتدا کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کـورد (ژێـکاف) لـە شـاری مەهابـاد و ناوچـەی موکریـان چـالاک بـوو، دواتـر لـە سـاڵی (١٩٤٥) ژێـکاف دەگـۆڕێـت بـۆ حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان، لێـرەوە خەباتـی نهێنـی و ژێرزەمینـی کۆتایـی پێدێـت و خەباتـی ئاشـکرا دەسـتپێدەکات.

کـوردان توانییـان دەرفەتـی لەبەریـەک هەڵوەشـانی ئێـران و هاتنـە نـاوەوەی هێزەکانـی هاوپەیمانـان بقۆزنـەوە، تـا ئـەوەی توانییـان لـە ٢٢ی کانوونـی دووەمـی (١٩٤٦)دا کۆمـاری کوردسـتان لەشـاری مەهابـاد دابمەزرێنـن، کـە ئەمـەش بـووە چـوارەم حوکمەتـی کـوردی لـەدوای پەیماننامـەی لۆزانـەوە.

ئەگەرچی تەمەنی ئەم کۆمارە ساڵێکی تێنەپەڕاند، بەڵام لەماوەی یازدە مانگی دەسەڵاتیدا لە زۆر بواردا جێدەستی خۆی بەجێهێشت، لە گرنگترین کارەکان بەفەرمیکردنی زمانی کوردی و چەسپاندنی خوێندنی زۆرەملێ بۆ منداڵان و یەکپۆشی قوتابیان و دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، ئەمە سەرەڕای گرنگیدان بە چاپەمەنی و بڵاوکراوە و هاوکات گرنگیدان بە مافی ژنان و کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکانی ناو کۆمار.

بەڵام تەمەنی ئەم کۆمارە درێژ نەبوو، هۆکاری سەرەکیش ئەو گۆڕانکارییە هەرێمییە بوو کە ناوچەکە بەگشتی و ئێران بەتایبەتی بە خۆیەوە بینی.

خۆڕادەستکردنی کۆمارێکی گەورەی وەک ئازەربایجان بێ بەرگریەکی ئەوتۆ و کشانەوەی سووپای هاوپەیمانان لە ئێران، ڕێگەیان خۆشکرد بۆ سووپای ئێران تا زەبر لە دەسەڵاتە کوردییەکە بوەشێنێت، بەڵام ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە کە پێچەوانەی کۆماری ئازەربایجان کە ڕابەرەکەی بەرەو سۆڤیەت هەڵهات، قازی محەمەد لەناو خەڵکەکەی خۆیدا مایەوە و گیانی خۆی لە پێناو پاراستنیاندا بەختکرد و بە شانازییەوە وتی "کە لەسێدارە دەدرێم پێلاوەکانم لە سەری دوژمنم بەرزترە".

## شۆڕشی ئەیلوول

لەپاش کۆماری کوردستان جموجووڵی پارت و کومەڵە سیاسی و ڕۆشنبیرییە کوردییەکان لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان درێژەی هەبوو، تا ئەوەی لە ئەیلولی (١٩٦١) شۆڕشی ناوداری ئەیلوول بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی دژی ڕژێمی عێراق هەڵگیرسا. سەرەڕای ئەوەی لەپاش کودەتای ١٤ی تەمووزی (١٩٥٨)ەوە نەتەوەی کورد پێشوازییەکی گەورەیان لە کودەتاکە

و ڕێبەرەکـەی کـرد و ئومێدێکـی زۆریـان لەسـەر هەڵچنیبـوو، بـەڵام بەهـۆی پاشـگەزبوونەوەی سـەرانی کودەتـا لـەو بەڵێنانـەی بەکوردیـان دابـوو، شـۆڕش لـە کوردسـتاندا بەرپابـوو.

ئـەم شۆڕشـە بـۆ مـاوەی چـواردە سـاڵ درێـژەی کێشـا، هـەر لـەم سـەر وەختـەدا و لـە سـاڵی (١٩٦٢)دا بەشـێکی زۆری کوردانـی ڕۆژئـاوا بەتایبـەت لـە جەزیـرە ناسـنامەیان لـێ سـەندرایەوە، ئەمـە وایکـرد هەسـتی نەتەوەیـی زیاتـر پـەرە بسـێنێت و زۆریـان پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەکەی باشـورەوە بکـەن، هـەر بۆیـە لەسالی (١٩٦٣)دا حکومەتـی سـووری پشـتێنەی عەرەبـی بـە پانـی ١٥ کـم و بـە درێـژی ٢٨٦ کـم دروسـت کـرد کـە تیایـدا (٣٣٢) سێسـەدو سـی و دوو گونـدی کوردنشـین بـە عـەرەب کـران، ئەمـەش بـۆ لەیـەک دابڕانـی شـارە کوردیـەکان بـوو.

شۆرشـی ئەیلـول بەرکەوتـەی لەگـەڵ چەنـد دەسـەڵاتێکی جیـاواز لـە عێراقـدا هەبـوو، بـەڵام تـەواوی ئـەو دەسـەڵاتانە یـەک ئامانجیـان هەبـوو ئەویـش کپکردنـەوەی شـۆڕشـەکە بـوو لەڕێـی زەبـر و زەنگـەوە، لـەم چوارچێوەیەشـدا هەرچـی لەدەسـتیان هـات بـۆ سـەرکوتکردن و سـڕینەوەی نەتەوەیـی کـورد درێخیـان لـێ نەکـرد، هـەر لـە بۆردمانکردنـی گونـدەکان و کاولکردنیانـەوە تـا بـە سـەربازگەکردنی شـارەکان و هەراسـانکردنی دانیشـتوانەکانیان.

ئەگەرچـی هەندێـک جـار لەژێـر کاریگـەری شکسـتە سـەربازییەکانیان بەرامبـەر هێـزی پێشـمەرگە ناچـار دەبـوون مـل بـۆ گفتوگـۆ بـدەن، وەک ئـەو گفتوگۆیـەی کـە ڕێککەوتنـی یـازدەی ئـازاری (١٩٧٠)ی لێکەوتـەوە و بەشـێک لەمافەکانـی نەتـەوەی کـوردی تێـدا دەستەبەرکرا، ئەمـەش بـووە پێنجـەم حوکمەتـی کـوردی. هێنـدەی نەبـرد، دوای چـوار سـاڵ، کاتێـک سـوپای عێـراق هێـزی بەبـەردا هاتـەوە و لـەڕوی چـەک و چۆڵـەوە خـۆی پەرداخکـرد، دووبـارە هێرشـی بۆسـەر کوردسـتان دەسـتپێکردەوە. هەرچـی بابەتـی ئۆتۆنۆمیـش بـوو کـە لـە

ڕێککەوتنی یازدەی ئازاردا بڕیاری لێ درابوو، لە کۆتاییدا ڕژێم بە خواستی خۆی جێبەجێی کرد و خواستی ڕاستەقینەی کوردانی لەبەرچاونەگرت.
لەسالانی شۆڕشی ئەیلولدا چەندین تاوانی جیاواز لەلایەن هێزە سەربازییەکانی عێراقەوە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان ئەنجامدران، بەتایبەت لەشارەکاندا کە خەڵکەکەی ڕاستەوخۆ لەژێر چەپۆکی ڕژێمدا بوون، لە نموونەی ئەو تاوانانە قەدەغەی هاتوچۆ بوو لە نۆی حوزەیرانی (١٩٦٣)دا لە شاری سلێمانی کە تێیدا زەعیم سدیقی گەورە جەلادی عێراقی، سەدان کەسی لە خەڵکی شار دەستگیرکرد و زیاتر لە هەشتا کەسی لێ کوشتن، بەشێکی ئەو شەهیدانە لە (حامیە)ی سلێمانیدا شەهیدکران کە ئەمڕۆ گۆڕاوە بۆ پارکی ئازادی.
یەکێک لەو دەستگیرکراوانە مامۆستا یاسین بوو، کە جگە لە پیشەی مامۆستایی یەکێک لە وەرزشکارە دیارەکانی شاری سلێمانیش بوو، لە یاریگای سلێمانی لەگەڵ چەند مامۆستایەکی هاوڕێیدا دەستگیرکران، پاش گواستنەوەیان بۆ کارێزەوشک هەرلەوێ گولەباران کران و هێشتا زیندووبوون بە شۆفڵ خۆڵیان بەسەرداکراو زیندەبەچاڵیان کردن.
شایەنی باسە هەر لەو ڕۆژەدا چەندین کەس لەنێو ماڵەکانی خۆیاندا بەبەرچاوی کەسوکاریانەوە شەهیدکران و هەر لە حەوشەی ماڵەکاندا نێژران، سەدان کەسیش بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بەبێ خۆراک و لە بارودۆخێکی زۆر خراپ و ناتەندروستدا بە کۆمەڵ لە زیندانەکانی ڕژێمدا زیندانیکران.
لەگەڵ ئەمەدا ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی بەغداد مکوڕ بوون لەسەر بۆردمانکردنی ناوەندی ئەو گوند و شارۆچکانەی لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بوون، کە زۆربەی دانیشتوانەکانیان خەڵکی بێ چەک و مەدەنی بوون.
یەکێک بەرچاوترین نموونەکان بۆردمانی زانکۆی سلێمانییە لە شاری قەڵادزێ لە ٢٤ی نیسانی (١٩٧٤) کە تێیدا دەیان کەس لە خوێندکار و

ماموستا و خەڵکی مەدەنی گیانیان لەدەستدا.
پاش ئەوەی پیلانێکی هەرێمایەتی لە دژی شۆرش بەرێوەچوو هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران ڕێکەوتن و عێراق بەشێک لە سنورەکانی خۆی دایە ئێران، لەبەرامبەر داخستنی سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕووی شۆڕشگێڕانی باشووردا. ئەمەش بووە هۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ئازاری (١٩٧٥)دا، کە لەپاش ئەوە ڕژێم دەستیدایە ڕاگواستنی گوندە سنورییەکان بەمەبەستی دروستکردنی پشتوێنەی ئاسایشیی، لەم چوارچێوەیەشدا هەزاران مرۆڤی کورد لەخاک و زێدی خۆیان ڕاگوێزران.

## جینۆسایدی کوردانی فەیلی

ڕەوشی کوردانی فەیلیش کە لە سنووری پارێزگای دیالە و واست لە شارەکانی خانەقین و مەندەلی و بەدرە و جەسان و زرباتیە دەژیان و بەشێکی زۆریشیان چووبوونە بەغداد، لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەشی زۆری بازاری بەغداد بەدەستی ئەوانەوە بوو، ئەمان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە درێژکراوەی کوردەکانی ئیلام و کرماشانن.
ئامارە نافەرمییەکان باس لەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٩٨٠ ژمارەی کوردانی فەیلی نزیکەی ٧٠٠ هەزار کەس بووە، ئێستا ژمارەیان زۆر زیاترە، فەیلییەکان چەندین سەرکردە و کەسایەتیی گەورەیان بە نەتەوەکەیان بەخشیوە، لە دیارترینیشیان لەیلا قاسمە.
حوکمەتی عێراق ڕەگەزنامەی پێ نەدەدان و بە ئێرانی لە قەڵەمی دەدان ئەمەش وایکرد لە زۆر مافی ژیان بێ بەش بن، لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان حوکمەتی عیراق دەستیگرت بەسەر سەروەت و

سامانیاندا و زۆربەیانی ڕەوانەی ڕۆژهەڵات کردوو لە ئێرانیش وەک عێراقی سەیریان دەکرا، بە کورتی ئەوان لە هەموو مافێک لە هەر شوێنێک بێبەش بوون.

ئەمەش بە جینۆسایدی فەیلیەکان ناسراوە کە زیاتر جینۆسایدێکی ئابوورییە لەڕێی ڕاگواستن بە زۆر و دەستگرتن بەسەر ماڵ و سامانیان، پێنجەم جینۆسایدی کوردە لە دوای پەیمانی لۆزان.

## سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ لە باشوور

هەنگاوەکانی ڕژێم نەیانتوانی ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی شۆڕشێکی دیکە بکەن. هەر تەنها ساڵێک پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، لە (١٩٧٦) دا شۆڕشی نوێ هەڵگیرسا کە چەندین پارت و ڕێکخراو و بەرە تێیدا بەژداربوون. ئەگەرچی سوپای عێراق کۆنترۆڵی زۆربەی ناوچە ستراتیژی و گرنگەکانی کوردستانی کردبوو، بەڵام شۆڕشی نوێ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەی دەسەند و فراوان دەبوو.

ئەوەی شۆڕشی نوێی لە شۆڕشەکانی پش خۆی جیادەکردەوە، بریتیبوو لە لایەنە هزرییەکەی شۆڕشگێڕەکان، هزری ئەو شۆڕشگێڕانە تێکەڵەیەکبوو لە ئاراستەیەکی نەتەوەیی بەرگریکارانە و چەپبوونێکی جیهانیی.

شۆڕشەکە لەلایەن یەکێتی نیشتیمانیی کوردستانەوە و بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانیی هەڵگیرسێنرا و لەڕوی جەماوەرییبوونی شۆڕشەکانیشەوە، بەرەوپێشچوونێکی گەورەی بەخشییە ڕێڕەوی شۆڕشە کوردییەکان.

## هەڵگیرسانەوەی ژیلەمۆی شۆڕش لە رۆژهەلات

لـە ڕۆژهەڵاتـی نیشـتمانیش پـاش ڕووخانـی کۆمـاری کوردسـتان، سـەرەڕای ئـەوەی خەباتـی ڕزگاریخـوازی لـە هەندێـک قۆناغـدا سستی بەخۆیـەوە بینـی، بـەڵام هەرگیـز نەوەسـتا، هـاوکات لەگـەڵ ئەمـەدا سـەرکوتکاری و نکۆڵیکـردن لـە مافەکانـی نەتـەوەی کوردیـش لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی ئێرانـەوە بەردەوامـی هەبـووە.

ڕژێمـی پاشـایەتی لـە ڕێگـەی دەزگا نهێنییەکەیـەوە ( دەزگای سـاواک) چاودێـری چڕی خسـتبووە سـەر چالاکـی خەباتگێڕانـی کـورد و هەرکـەس گومانـی لێبکرایـە ڕاپێچـی زینـدان دەکـرا و چەندیـن جـۆری ئەشـکەنجەی لەسـەر تاقیدەکرایـەوە، یـان دەڕفێنـدراو تیـرۆر دەکـرا.

ئـەم ڕفتارانـەی پیاوانـی شـا وایکـرد، کـورد بـە گەشـبینییەوە لـە ڕوخانـی شـا بڕوانێـت و پێشـوازی لـەو ڕەوتـە نوێیـە بـکات کـە بـە سـەرکردایەتی (ئایەتوڵڵا خومەینـی) لـە سـەرەتای (١٩٧٩) دەسـەڵاتی ئێرانیـان گرتەدەسـت.

بـەڵام ئـەم مانگـە هەنگوینییـە ماوەیەکـی یەکجـار کەمـی خایانـد و دووبـارە نەتـەوەی کـورد لەگـەڵ سیاسـەتی شـۆڤێنیانەی ڕژێمـی ئێرانـدا ڕوبـەڕوو بویەوە، پێشـمەرگەکانی باشـوور بـۆ ئـەم ڕووبـەڕوو بوونەوەیە هاوشـانی پێشـمەرگەکانی ڕۆژهـەڵات لـە دژی داگیرکـەر جەنـگان، جیـاوازی شـەڕی ئەمجـارە ئـەوە بـوو داگیرکـەر شـەرعیەتی ئایینـی بـە شـەڕ لـەدژی کـوردان دەدا، هـەروەک ئـەوەی لـە فتواکـەی خومەینیـدا دەردەکەوێـت کـە داوا لـە تـەواوی هێـزە چەکدارەکانـی ئێـران دەکات بـەرەو کوردسـتان بـڕۆن و دژی بێبـاوەڕو لادەرەکان بجەنگـن.

سـاڵی (١٩٧٩) تەژییـە لـە ڕوداوی کارەسـاتبار بـۆ کوردسـتان، ڕژێمـی بەنـاو

ئیسلامی ئێران دڕندانەتر لە ڕژێمی شا کەوتە وێزەی کورد، هەر پاش مانگێک و چەند ڕۆژێک لەهاتنەسەرکاری ڕژێمی نوێ، قەسابخانەیەکیان لە ڕۆژانی نەورۆزدا لە شاری سنە سازکرد و پتر لە (٦٠٠) شەسەد قوربانی بە کوژراو و بریندارەوە لێکەوتەوە.
ڕژێم بەوەوە نەوەستا کە ڕاستەوخۆ شەڕی کورد بکات بەڵکوو هەوڵیدا لەڕێی جوڵاندنی ئازەرەکانەوە دژی کورد شەڕێکی نەتەوەیی لەنێوان کورد و ئازەردا بەرپابکات، ئەم پلانەشیان لە شاری نەغەدەدا جێبەجێکرد کە تێیدا ئازەرەکان هێرشییان کردە سەر دانیشتوانی کوردی شارەکە و سوپاش لەم هەنگاوەدا پاڵپشتی کردن، ئەوە بوو لەماوەیەکی کەمدا سەدان کەس لە هەردولا کوژراو کوردەکان ناچاربوون شارەکە چۆڵکەن و بەرەو مەهاباد بڕۆن. چەکدارە ئازەرییەکانیش هێرشیانکردە سەر ماڵی چۆڵکراوی کوردەکان و هەرکەسێک لەوێدا مابوو کوشتیان و سەراپای ماڵ و سامانی کوردانی شارەکەشیان تاڵانکرد.
کارەساتی هەرە گەورەش بۆ کوردان لەگەڵ فەتواکەی خومەینیدا دەستیپێکرد کە فەرمانی هێرشی سەرتاسەری بۆ کوردستاندا، سوپا زۆر دڵڕەقانە بەرامبەر خەڵکی کوردستان جوڵایەوە و لە هەرکوێ بەرگرییەکی کەم بکرایە تۆڵەی لە دانیشتوانی ناوچەکە دەکردەوە، هەروەک ئەوەی بەسەر دانیشتوانی گوندی (قاڕنێ) هێنایان کە لە یەک ڕۆژدا (٦٨) کەسیان لێ گولەباران کردن کە یەکێکیان مەلای گوند (مامۆستا مەلا مەحمود)بوو.
لەگەڵ ئەمەدا ڕژێمی ئێران کەسێکی بەناوی (ئایەتوڵڵا خاڵخاڵی) ناردبووە کوردستان، ئەم کەسایەتیە لە دادگا سەرپێییەکانیدا فەرمانی گولەبارانکردنی چەندین گەنجی کوردی دەکرد کە یەکیان تەمەنی (١٢) دوازدە ساڵی تێپەڕنەکردبوو، تەنانەت گەنجێکی تەنها لەبەر ئەوەکوشت کە لەکاتی بینینی سەروسەکوتی نابەڵەدی خاڵخاڵی پێکەنینی هاتبوو!!!

ئـەم کەسـایەتییە زۆر خوێنسـاردانە فەرمانـی کوشـتنی گەنجانـی کـوردی دەدا، لەبـارەی ئەمـەوە لـە خاڵخاڵییـان پرسـیوە بۆچـی فەرمانـی گولەبـاران کردنـی ژمارەیەکـی زۆر دەرکـردووە بـێ ئـەوەی دەرفەتـی بەرگـری لەخۆکردنیـان پێبـدەی؟ ناوبـراو لەوەڵامـدا وتویەتـی: بڕوابکـەن کاتێکـی ئەوتـۆم نەبـووە گـوێ لەبەرگرییەکانیـان بگـرم، بـەڵام هەرچۆنێـک بێـت ئەوانـەی کـوژراون ئەگـەر گوناهبـارن ئـەوە سـزای خۆیـان وەرگرتـووە، خـۆ ئەگـەر بێتاوانیـش بـوون ئـەوا دەچنـە بەهەشـت، لـەوە باشـتر چـی دەبێـت!

ئـەم فتوایـەی خومەینـی و ئـەو کوشـتارانەی بەدوایداهـات شەشـەم جینۆسـایدی کـورد بـوو دوای پەیمانـی لـۆزان.

## ساڵە خوێناوییەکانی باشوور

لـە باشـووری وڵاتیـش بەتایبـەت لەگـەڵ هەڵگیرسـانی جەنگـی هەشـت سـاڵەی عێـراق و ئێـران. ڕژێـم بـۆ بەرگرتـن لـە پەرەسـەندنی شـۆڕشـی نـوێ هەرچـی لەدەسـتیهات بـۆ کۆتایـی پێهێنانـی درێخـی لـێ نەکـرد، بەتایبـەت کـە لـەو کاتـەدا پشـتیوانییەکی نێودەوڵەتـی و ناوچەیـی بـۆ عێـراق هەبـوو، ئەمـەش وایکردبـوو زلهێزانـی جیهـان چاوپۆشـی لـەو تاوانانـە بکـەن کـە ڕژێمـی بەعـس لـە کوردسـتان ئەنجامـی دەدا.

ڕەنگـە زیـادەڕەوی نەبێـت ئەگـەر بڵێیـن سـاڵانی هەشـتای سـەدەی ڕابـردوو خوێناویترین و کارەسـاتبارترین قۆناغی باشـووری کوردسـتانە لەسـەدەی بیسـتدا. لـەم ماوەیـەدا ڕژێمـی بەعس هەمـوو جۆرەکانـی جینۆسـایدی لـەدژی نەتەوەی کـورد تاقیکـردەوە، ئەگـەر بـاس لـە جینۆسـایدی جەسـتەیی بکەیـن ڕژێـم لـەم ماوەیـەدا زیاتـر لـە (٢٠٠,٠٠٠) دووسـەد هـەزار کـوردی بەشـێوەی جـۆراو جـۆر کوشـتووە، بەتایبـەت لـە پرۆسـەی ئەنفالـدا تەنهـا لەمـاوەی هەشـت سـاڵدا

(١٩٠,٠٠٠) سەدونەوەد هەزار کورد زیندەبەچاڵ کراون، ئەمەش هەنگاوێک بوو بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد، بەتایبەت لەناوچەکانی گەرمیان و نزیک کەرکوکدا.

هاوکات ڕژێم لەڕێی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی وەک چەکی کیمیاوییەوە هەوڵی کۆمەڵکوژی دانیشتوانی ئەو ناوچانەشی دەدا کە ڕاستەوخۆ نەیدەتوانی لەڕێی هێزی زەمینییەوە کۆنترۆڵی بکات، هەروەک ئەوەی لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ بەسەر شاری هەڵەبجەدا هێنای و زیاتر لە پێنج هەزار مرۆڤی کوردی لەماوەی چەند خولەکێکدا شەهیدکرد.

لەگەڵ ئەمەدا ڕژێم بەجیاکردنەوەی ژنان و پیاوان و لەناوبردنی گەنجەکان لە پڕۆسەی ئەنفالدا، هەروەها بە خەساندن و لەپیاوەتی خستنی بەشێک لەزیندانییەکان، جۆرێکی دیکەی جینۆسایدی جێبەجێکرد کە ئەویش جینۆسایدی بایەلۆژی بوو، مەبەستیشی لەمە کەمکردنەوەی ڕێژەی زیادبوون و وەچەخستنەوە بوو.

جۆرێکی دیکەی جینۆساید کە ڕژێمی بەعس لەم ماوەیەدا ئەنجامیدا جینۆسایدی ئابووری بوو، ئەویش لەڕێی سوتاندنی ڕەز و باخی گوندنشینەکان و دەستگرتن بەسەر مەڕو ماڵات و سامانیان، هەروەها ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان، کە لەم پڕۆسەیەدا هەزاران مرۆڤی کورد لەوپەڕی بەرهەمهێنان و پشت بەخۆبەستنەوە کران بە مرۆڤگەلێکی بەکاربەرو چاولەدەستی ڕژێم. ئەمەش حەوتەم جینۆسایدی کورد بوو دوای پەیمانی لۆزان.

## کڵپەی شۆڕشەکەی باکوور

هاوشانی خەباتی چەکدار لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، دوای چەندین ساڵ خامۆشی، دووبارە دوای قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە چل ملیۆن کورد کە ئەمەیان جینۆسایدی هەشتەم بوو، کورد زیندوو بووەوە و کڵپەی شۆڕشی چەکداری لە ساڵی (١٩٨٤) لە باکورەوە هەڵگیرسا، هەر زوو شۆرشگێرە کوردەکانی ڕۆژئاوای وڵاتیش بوونە پشتیوان و هێزی ئەم شۆڕشە. پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ڕێنوێنی ئەم خەباتە چەکدارییەی دەکرد بە سەرکردایەتی عەبدوڵلا ئۆجەلان، ڕژێمی تورک هەروەک ئەوەی لە بەرامبەر شۆڕشەکانی دیکەدا کردویەتی بەهەمان شێوە ئەوپەڕی توندوتیژی لەدژی شۆڕشگێڕان و خەڵکی مەدەنی ناوچە کوردییەکان بەکارهێنا.

لەم چوارچێوەیەشدا دانیشتوانی هەر گوندێک ئامادە نەبونایە چەک بۆ پشتیوانی دەوڵەت هەڵبگرن ئەوا دەکەوتنە بەر غەزەبی سووپا، بۆیە چەندین گوندی کوردی ناچار بە چۆڵکردن و کۆچکردن بوونەوە. ئەگەر کەسێک تۆمەتی لایەنگری شۆڕشی بەسەردا ساغ کرابایەوە، لە زیندانەکانی دەوڵەتی تورکدا ڕوبەڕووی سامناکترین و نامرۆڤانەترین ئەشکەنجە دەبویەوە. زیندانی دیاربەکر لەساڵانی هەشتادا نموونەی ئەو جەلادخانەیەبوو، کە تاوانەکانی لەنێویدا کراوە هێندە سامناکە مرۆڤ بە بیستنی شەرم دەیگرێت، چوونکە تاوانەکان هێندە گەورەن مرۆڤایەتی پێی شەرمەزار دەبێت، لەوانە خەساندنی زیندانییە پیاوەکان لەڕێی ئەشکەنجەوە، دەستدرێژی سێکسی بۆسەر زیندانییە ژنەکان، دەرخواردانی پیسایی و ناچارکردنی زیندانییەکان

بەدەستدرێژیکردنە سەر یەکتری و ئازاردانی یەکتری، وتنەوە و پێڵەبەرکردنی وتەکانی ئەتاتورک و دروشمە نەتەوەییەکانی تورک. ئەمانە و زۆر تاوانی سامناکی دیکە کە شکۆی مرۆڤی تێدا وردوخاش دەکرا.
شایەنی باسە وڵاتە بەناو دیموکراتی و ئازادیخوازەکانی جیهان لەبەرامبەر ئەم تاوانانەی دەوڵەتی تورکیادا بێ هەڵوێست و نابینابوون.

## بەرەو راپەڕینی باشوور

هەرچی باشوری نیشتمانە لەساڵانی کۆتایی هەشتاکان هەموو جۆرەکانی جینۆسایدی تێدا ئەنجامدرا، هاوشانی کۆمەڵ کوژیەکان جینۆسایدی کولتووریش بە درێژایی ئەم ماوەیە یەکێکی تربوو لە کارە سەرەکییەکانی ڕژێمی بەعس، بەتایبەت قەدەغەکردنی خوێندنی کوردی لە کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی ئۆتۆنۆمی، هاوکات لەگەڵ ئەمەدا هەر بۆ بێبایەخکردنی زمانی کوردی، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (حیزبی بەعس)، بەبڕیاری ژمارە (٦٣٢) لە ڕێکەوتی (٧-١٠-١٩٨٩) دا بڕیاریدا: قوتابی ئەگەر لەوانەی کوردی نمرەیەکی زۆریش نەهێنێ بە کەوتوو دانانرێت!
ئەم بارودۆخە بەردەوامبوو تا لە هەلێکی هەرێمایەتیدا پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان یەکیانگرت و زەماوەندیان کرد، زۆربەی هەرەزۆری شارەکانی باشووری کوردستانیان لە ئازاری (١٩٩١) دا لە دەست حوکمەتی بەعس رزگار کرد.
چەند ڕۆژێک دوای ڕاپەرین ڕژێمی بەعس بە سوپایەکی زۆرە هێرشی کردە سەر کوردستان، زۆرینەی خەڵکی کوردستان ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت

کە زیاتر لە دوو ملیۆن کەس ئەبوون کۆرەوێکی گەورە و مێژوویيان کرد کە کارەساتێکی مرۆیی گەورە بوو بوە هۆی تیاچوونی خەڵکێکی زۆر، چەندین کەس لە براسان و لەسەرمان مردن، چەندین منداڵ فرێدران.
ئاوارەکانی باشوور ڕوویانکردە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری وڵات، خەڵکی ئەو ناوچانەش ماڵی خۆیان بۆ کردنەوە و هاوکارییەکی زۆریان کردن، ئەم کۆڕەوە گەورەیەش لە پێناو ڕەتکردنەوەی حوکمی بەعس بوو.
ئەگەرچی ئێران لەبەر ئەو ناکۆکیەی لەگەڵ عێراقدا هەیبوو دەرگای بەسەر ئاوارەکاندا کردبووەوە، بەڵام تورکیا ڕێی نەدا بچنە سنورەکەیەوە ئەمەش بووە هۆی کارەساتێکی مرۆیی گەورە و بەسەدان کەس لە پیر و منداڵ لەسەر سنورەکان گیانیان لەدەستدا.
بەرئەنجام حوکمی بەعس بەتەواوی لە کوردستان نەما و حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بوو کە ئەمەش شەشەم حکومەتی کوردیە لە دوای پەیمانی لۆزان. هەڵبەت ئەگەر ڕاپەرینی (١٩٩١) و کۆڕەوی ملیۆنی کورد نەبوایە، حیزبی بەعس لەماوەیەکی نزیک شوناسی کوردیی لە باشووردا تا ڕادەی سڕینەوە دەخستە مەترسییەوە.

## پیلانگێڕیی دژی ئۆجەلان

هەر لەم ماوەیەدا شۆرش لە باکوردا تەنگی بە حکومەتی تورکی هەڵچنیبوو درێژترین شۆرشی ماوەی ڕابردوو بوو کە بە دیسپلین و پارتیزانی بوو، بۆیە تورکیا هەموو هێزی دیبلۆماسی و سەربازی خۆی بەکارهێنا بۆ دژایەتی ئەم شۆرشە و فشاری لە هەموو وڵاتان کردو پیلانێکی گەورەی بەرێوەبرد، تا ئەوەی سەرۆکی پەکەکە (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) لەژێر فشاری تورکیادا

ناچارکرا سـوریا بەجێبێڵـێ، هیـچ یـەک لـە وڵاتانـی ئەوروپـا ئامـادە نەبـوون مافـی پەنابـەری پـێ بـدەن، بگـرە ناچاریـان کـرد ئەوروپـا بـەرەو کینیـا بەجێبێڵێ و هـەر لەوێـش لـە شـوباتی (١٩٩٩)دا بـە پلیانێکـی نێودەوڵەتـی دەسـتگیرکرا و ڕادەسـتی تورکیـا کرایـەوە. تـا ئێسـتاش لـە زینداندایـە و لـە خەبـات بەردەوامـە. ئۆجـەلان لـە زیندانیشـدا دەیـان کتێـب و نـووسراو و بەرهەمـی هزریـی پێشـکەش بـە نەتەوەکـەی کـردوە و لەوێـوە بناغـەی هزرێکـی سیاسـیی نوێـی دانـا کـە دواتـر بـووە هـۆی هاتنەئـارای ئەزموونـی رۆژئـاوای کوردسـتان. پەکەکـە لـەدوای دەسـتگیرکردنی ئۆجەلانـەوە روشـدتربوو لەسـەر خەباتەکـەی و تائێسـتاش بەردەوامیـی بە شۆڕشـە فرەڕەهەندەکـەی داوە کە بـە تەمەندرێژترین شۆڕشـی کـوردان دەناسرێت.

## هەڵهاتنی خۆری رزگاریی

بـەڵام وەکچـۆن لەسـەرەتادا ئاماژەمـان پێـدا، داگیرکـەران ئەگـەر مۆمێکـی ئـازادی لەبەشـێکی نیشـتماندا بکوژێننـەوە، هێنـدە نابـات لـە گۆشـەیەکی دیکـەی نیشـتمان مۆمێکـی دیکـە دادەگیرسـێ، بۆیـە دەبینیـن هـەر چەنـد ساڵێکی کـەم پاش دەسـتگیرکردنی ئۆجـەلان، ڕژێمـی بەعسـی عێراقـی ڕووخـاو کـوردان لـە باشـووردا زۆر بەهێزتـر بـوون، هـاوکات هـەر چەنـد ساڵێک دواتـر پـاش هەڵگیرسـانی شـەڕی ناوخـۆی لـە سـوریا لـە سـاڵی (٢٠١١)دا، ڕۆژئـاوای کوردسـتانیش دەرفەتـی بـۆ ڕەخسـا هـەوای ئـازادی هەڵبمژێت و نەتـەوەی کورد لـە ڕۆژئـاوای وڵات ڕاپـەری و بەشـێکی زۆری ناوچـە کوردیەکانیـان ڕزگارکـرد و حکومەتێکـی کوردسـتانییان لـەوێ دامەزرانـد کـە حەوتـەم حکومەتـی کوردیـە دوای پەیمانـی لـۆزان. ئەمـەش بەرهەمـی خوێنـی زیاتـر لـە (٤٠.٠٠٠) چـل هـەزار شـەهیدە.

داستانی بەرەنگاری شاری کۆبانێ لە دژی چەکدارانی دەعش نمونەی نەبەردی و یەکبوون و قارەمانی کوردەکان بوو بۆ بنیاتنانی ئەم خۆسەریە، ئەو شۆرشە بە جۆرێک ڕەنگدانەوەی دەنگی هەر چوار لای نیشتمان بوو، ڕۆژی ڕاگەیاندنی کانتۆنی جزیرە ساڵ ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بوو لە مەهاباد.

پاش ئەوەی گروپی تیرۆریستی داعش لە سەرەتای حوزەیرانی (٢٠١٤)دا هێرشی کردە سەر پارێزگای موسڵ و بەشێکی فراوانی ناوچە سونییەکان و داگیریکردن، ئیتر سنوورێکی ئەوتۆ لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیدا نەما.

هەرچەندە ڕێکخراوەکە لەسەرەتادا وەک هەڕەشەیەکی گەورە بۆسەر هەرێمی کوردستان دەرنەکەوت، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و بە پاڵپشتی ئەو چەکە قورس و جۆربەجۆرانەی کە پاش شکستە گەورەکەی سوپای عێراق دەستیانکەوتبوو، هێرشیان بۆسەر هێزی پێشمەرگەو ناوچە کوردستانییەکان دەستپێکرد.

یەکێک لەو ناوچانەی کە ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوەکە بوو ناوچەی شەنگالی ئێزیدی نشینبوو کە لە سێی ئابی (٢٠١٤) لە ئەنجامی هێرشێکی فراواندا توانییان داگیری بکەن. داگیرکردنی شەنگال و ئەو تاوانانەی تێیدا ئەنجامدران نموونەیان لەم سەدەیەدا کەم و دەگمەنە. چەکدارانی داعش بە بیانووی ئایینەکەیانەوە سەرو ماڵی ئێزدییەکانیان بۆ خۆیان حەڵاڵ کرد، سەدان کەسیان لە ناوندی شاری شەنگال و گوندو شارەدێکانی نزیکی گولەبارانکرد، هەزارانی تریان بەدیل بردوو وەک کەنیزەک و کۆیلە بەکاریان هێنان. بەشێوەیەک نزیکەی (٧,٠٠٠) حەوت هەزار کەس بەر کوشتن و ڕفاندن و بە کۆیلەکردن بوونەوە، (٣,٠٠٠) سێ هەزاریان تەنها لە ژنان و کچان بوون کە وەک کەنیزەک لە بازاڕەکانی موسڵ و ڕەققە و شارەکانی

دیکەی ژێر دەسەڵاتی داعشدا کڕین و فرۆشتیان پێوەدەکرا، بەشێکی ئەم ژنانە پاش ئازادبونیشیان نەیانتوانی ژیانێکی ئاسایی بژین، چونکە بەهۆی ئەو دەستدرێژیانەی کرابووە سەریان مناڵیان لە چەکدارەکانی داعش هەبوو، کە زۆرجار ئەم منااڵنە لەالیەن خانەوادەی قوربانییەکانەوە قبوڵ نەدەکران.

بەشێکی دیکەی دیل و ڕفێندراوەکان لە منااڵنبوون کە ڕێکخراوەکە هەوڵیدەدا لەڕێی شۆردنەوەی هۆشیانەوە بەکاریان بهێنێت، بەتایبەت وەکوو خۆکوژ لە کردەوە تیرۆریستییەکاندا.

بەهۆی لەناکاوی هێرشەکەوە تەنها (٢٥٪)ی دانیشتوانی شەنگال توانییان لەشارەکە بچنە دەرەوە، (٧٥٪)ی دانیشتوان کە نزیک بە (٢٠٠,٠٠٠) دووسەد هەزار کەس دەبوون ناچاربوون ڕوو لەچیای شەنگال بکەن و بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بەبێ هیچ پێداویستییەکی ئەوتۆی ژیان لەو چیایەدا خۆیان لەدەست چەکدارانی داعش بپارێزن.

ئەگەرچی کوردان چ لە باشوور و چ لە ڕۆژئاوا تۆڵەی ئەم کارەساتەیان لە داعش کردەوە و ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە کۆتایی پێهێنانی دەسەڵاتی ئەو ڕێکخراوەدا، بەڵام برینی شەنگال و جینۆسایدی ئێزدییەکان هێندە گەورە و سامناکە کە تاوەکوو ئەمڕۆش کاریگەری هەر ماوە و قوربانییەکانی دەستی ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستییە هێشتا بەدەست ئازاری ئەو تاوانانەوە دەناڵێنن کە بەرامبەریان ئەنجامدراوە. ئەمەش حەفتاو چوارەمین فەرمانی سەر ئێزیدیەکان بوو کە بە نۆیەم جینۆسایدی پاش پەیمانی لۆزان هەژمار دەکرێت.

## شەڕی خەندەق و تونێلەکان لە باکوور

لە باکوور دوای باڵا بوونی شۆرش حکومەت ناچاری دانوستان و ڕێککەوتننامەی ئاشتی بوو، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٥)دا ڕێککەوتننامەکەیان شکاند و شەڕ دەستی پێکردوە، گەریلا و گەل یەکیانگرت و لێرەوە شەڕی خەندەق و تونێلەکان لە بەشێک لە شارو شارۆچکەکانی باکووردا دەستیپێکرد، کە یەکێک لەو شوێنانە ناوچەی سووری ئامەد بوو کە ناوچەیەکی شوێنەواری گرنگە، بەڵام ڕژێمی تورک چ لە سووری ئامەد و چ لە شار و شارۆچکەکانی دیکەش دەستی لەهیچ نەپاراست و بەچەکی قورس ئەو گەڕەک و شوێنانەی بۆردمان دەکرد کە گەریلاکان بەرگرییان تێدا دەکرد، بەم هۆیەوە زیانێکی گیانی و مادی گەورە لە ساڵی (٢٠١٦)دا بەر ناوچە جیاوازەکانی باکوور کەوت.

## گشتپرسیی باشوور و هێرشە هەمەلایەنەکان

لە باشووری کوردستانیش دوای بەزاندنی چەکدارانی دەعش و ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری باشوری کوردستان، لە ئەیلولی (٢٠١٧) گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدرا، بەڵام دوای ئەم گشتپرسیە بە کەمتر لە مانگێک حکومەتی بەغداد هێرشی کردەوە سەر کوردستان و (٥١٪)ی کوردستانی داگیرکرد و چەندین تاوانی جەنگی ئەنجام دا بەتایبەت بەرامبەر کوردانی شاری دوزخورماتوو.

هەروەها لە کانونی دووەمی (٢٠١٨) حکومەتی تورکیا هێرشی کردە سەر ڕۆژئاوا و شاری عەفرین، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ بەرخۆدانی شۆرشگێران و

گەریلا بەردەوامب وو تا هەموو خەلکی سڤیل بە پارێزراوی دەرباز بوون، هەڵبەت ئەم هێرشەی دوژمنیش پاش ئەوە هات کە گەریلاکانی کوردستان تا دڵی خیلافەتی داعش چوون و کۆتاییان بەو دەوڵەتە هێنا و جیهانیان ڕزگارکرد لە گەورەترین ڕێخراوی تیرۆرستی جیهانی.
ئەگەرچی حکومەتی تورکیا دیمۆگرافیای شارەکەی گۆریوە و عەرەبی هێناوە لە جێگەی کوردەکان دایناوە و تەنانەت دار زەیتونەکانیشی دزیوە، بەڵام هێشتا خەباتگێڕانی ڕۆژئاوا بە ئومێدەوە هەوڵەکانیان بۆ ئازادکردنەوەی شاری عەفرین بەردەوامە.

## ڕۆژهەڵات و شۆڕشی ژینا

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نیشتمان دەبینین سیاسەتەکانی ڕژێمی بەناو ئیسلامی لە ئێران، لەماوەی زیاتر لە چل ساڵدا بارودۆخی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بەرەو هەڵدێرو نشێویکی زۆر بردووە. وڵاتێکی دەوڵەمەند بە کانزای سروشتی و دەستی کار و زەوی و ئاوی زۆر، ئەمڕۆ لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا لە هەژاریەکی سەختدا دەناڵێنێ و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرتاپای وڵاتەکە تێکچووە. هەڵبەت ئەم بارودۆخە بە هۆکاری جیاکاری نەتەوەیی لە کوردستاندا زۆر زەقترە، ڕژێمی ئێران سەرەڕای بێکارکردنی گەنجانی کورد، هاوکات بە دەستی ئەنقەست پشتیوانی لە بڵاوبونەوەی تلیاک و مادە هۆشبەرەکان دەکات لە ناویاندا. ئەمانەو سەرکوتکردنی ئازادییە نەتەوەیی و کولتوورییەکان و تەنانەت ئازادییە کەسییەکانی وەک پۆشاک و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەش بەر سانسۆڕی ڕژێم کەوتوون.
پاش ئەوەی لە ١٣ی ئەیلولی (٢٠٢٢) ژینا سەقزی کە کچێکی کوردی

تەمەن (٢٢) بیستودوو ساڵ بوو، لەن اوەندی شاری تاراندا بە بیانووی نەگونجانی سەرپۆشەکەی دەستگیرکرا و هەر پاش سێ ڕۆژ لە ١٦ی ئەیلول لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. ئەم کارەی ڕژێم تووڕەیی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تەقاندەوە و شۆڕشی (ژن، ژیان، ئازادی) بەدوای خۆیدا هێنا.

بۆ ناسینی پاشخانی ڕاستەقینەی شۆڕشی ژینا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دەستپێکی ئەو شەپۆلی خوێندنی باڵایە کە لە کوردستان لە دوای شلب وونی فیلتەری ئێرانی بۆ بەشداری کورد لە زانکۆ دەستیپێکرد. تینویەتی خوێندن و فێربوون و خۆ پەروەردەکردن بوو بە هۆی پەرەسەندنی خوێندن بە تایبەت لەلای کچان و ژنان و نرخی گەشەی مەعریفی لە ماوەی دوو دەیەدا بەڕادەیەکی زۆر پەرەیسەند، لەگەڵ ئەمەدا جۆرێکی دیکە لە خەبات هاتەکایەوە ئەویش خەباتی بەرەنگارییە لەبری ڕادەستبوون بە خواستەکانی ڕژێم یان هەڵهاتن لە نیشتمان، سەرمەشقی ئەم خەباتەش خانمان بوون، لەوانە زارا موحەممەدی کە لەپێناو بەرگری لە زمانی کوردیدا چەندین شەو و ڕۆژی لە زیندانەکانی ڕژێمدا بەسەربرد. هەروەها وەك ئاماژەکان نیشانی دەدەن، ژینا بەهۆی بەرەنگاربوونەوە یان بەرهەڵستی لە هەمبەر پۆلیسدا بە توندی ئەشکەنجە دەکرێ و بەو هۆیەوە تووشی خوێنبەربوونی مێشك دەبێت و گیان لە دەست دەدات. ئاکامی ئەم بەرەنگاریەی ژیناش هەڵگیرسانی شۆڕشێکی فراوانبوو کە تەواوی ئێرانی گرتەوە.

ئەگەرچی ئەم شۆڕشە سەراپای ئێرانی گرتەوە، بەڵام هۆکار و لێکەوتەکانی جیاواز بوون، هەرچی ناوچە فارسییەکانە زیاتر مەبەستیان بەدەستهێنانی ئازادییە کەسییەکانی خۆیان بوو، بەڵام لە کوردستان شۆڕشەکە ڕەهەندێکی نەتەوەیی لە پشتەوەبوو، هەربۆیە دەبینین ڕژێم بەرامبەر خۆپیشاندەرە

کـوردەکان زۆر توندوتیژبـوو، بـەڵام بـۆ خۆپیشـاندەرە فارسـەکان بـەو جـۆرە نەبـوون. تەنهـا لەمـاوەی (١٢٠) سەدوبیسـت ڕۆژدا (١٣٤) سەدوسـیوچوار هاوڵاتـی کـورد لەلایـەن ڕژێمـەوە شـەهیدکراون، کـە (١٣) سـێزدە کەسـیان منداڵـن، لەکـۆی گشـتی شـەهیدکراوەکان (١١٤) سـەدوچواردە کەسـیان بـە تەقـەی ڕاسـتەوخۆو (٩) نـۆ کەسـیان لەژێـر ئەشـکەنجەداو ئەوانـەی دیکـەش لەڕێـی غـازی فرمێسـک ڕێـژو کوشـتن بـە چەقـۆو باتـۆم و چەندیـن شـێوازی دیکـە شـەهیدکران. ئەمـە جگـە لـەوەی لەڕێـی بۆردمانـی سـەر بـەرەگای پارتەکانـی ڕۆژهـەڵات لـە باشـووری کوردسـتان (٢١) بیسـت و یـەک کەسـی دیکـە گیانیـان لەدەسـتدا.

هـاوکات هەتـا ئەمڕۆ دەیـان کـەس لـە چالاکوانـان و تێکۆشـەرانی ڕۆژهـەڵات کـە لـە شۆڕشـی ژیـندا دەسـتگیرکراون، هێشـتا لـە زیندانەکانـی ڕژێمـدان و چارەنوسـییان نادیـارە، بەشێکیشـیان سـزای لـە سـێدارەدانیان بـۆ دەرچـووە، ئەمـە سـەرەڕای برینداركـردن و کـەم ئەندامکردنـی بەشـێکی دیکـە لـە خۆپیشـاندەرانی کـورد.

## ئەنجامنامە

بـە بەسـتنی پەیمانـی لـۆزان ڕاسـتە ئێمـە تووشـی قاتوقڕی و کۆکـوژی هاتیـن، ڕووبـەرووی کارەسـاتی گـەورەی مرۆیـی بووینـەوە، بـەڵام بـە ڕوانیـن لـەو ڕووداوانـەی بـە درێژایـی ئـەم سـەد ساڵە ڕویانـداوە دەکرێـت بڵێیـن وڵاتانـی سەردەسـت پرۆژەکەیـان شکسـتی هێنـا، کـورد هـەر بـە کوردسـتانی مایـەوە و نـە بـووە تورکـی چیایـی و نـە بـووە هـۆز و قەبیلـەی ئێرانـی و نـە بـووە عێراقـی و نـە بـووە کۆچبـەری تورکـی لـە سـوریا.

نـە ورمیـە بـوو بـە ڕەزاییـە نـە کەرکـوک بـووە تەئمیـم و نـە سـەرێ کانـی بـووە بـە راس العیـن و نـە کوبانـی بـوو بـە عیـن العـرب و نـە دێرسـیم بـوو بـە تونجەلـی. کـورد بـۆ سـاتێکیش ملـی بـەم پەیمانـە نـەدا، دوژمنیـش بـۆ سـاتێک ئـارام نەبـوو. دوای ئـەم پەیمانـە ئاشـتی نەمـا چونکـە مـاف پێشـێل کرابـوو، شـۆڕش بەردەوامـە لـە هـەر چـوار لای وڵات بـۆ ڕزگاری بـۆ ئـازادی.

جینۆسـاید کـۆن و تـازەی نیـە، ئەقڵیەتـی حوکمـی داگیرکـەران وەک خـۆی مـاوە، بۆیـە تـا ئێسـتاش ترسـی جینۆسـاید هـەر مـاوە، تـا ئەمـەش بمێنێـت بەرخـودان و شـۆڕش هـەر بەردەوامـە.

پێشکەشە بە هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و ئازادی کوردستان

**بەرهەمی سەکۆی گەنجانی کوردستان / 2023**

## لیستی سەرچاوەکان:

١- ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، (سلێمانی، ٢٠٠٢).

٢- ئومێد ناسح جیهانی: خۆرئاوای کوردستان.. جینۆساید و بەرخۆدان لەماوەی سەد ساڵدا، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا، (سلێمانی، ٢٠٢٠).

٣- جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی: کوردۆ.

٤- دیار غەریب: خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان، چاپی دووەم، (٢٠١٩).

٥- دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی سێیەم، (٢٠١٩).

٦- عبدالرحمن قاسملو: چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، چاپی سێیەم، (٢٠٠٠).

٧- عەزیز شەمزینی: جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، (سلێمانی، ٢٠٠٦).

٨- عەلائەددین سەجادی: شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق، چاپی یەکەم، (سنە، ٢٠١٧).

٩- عومەر محەمەد: پەلامارە سەربازیەکانی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، (سلێمانی، ٢٠١٣).

١٠- کریس کۆچێرا: مێژووی کورد لەسەدەی ١٩-٢٠، وەرگێڕانی: محمد ریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارون، (تاران، ١٣٥٩ هەتاوی).

١١- مەنسور عەبدولحەکیم: مستەفا کەمال ئەتاتورک، وەرگێڕانی: شەویار حەسەن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠١١).

١٢- نەجم سەنگاوی: کوردستان و سەرکردەو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی لە

(١١٦٩-١٩٩٤ز)، چاپـی یەکـەم، (٢٠١٤).
١٣- نەجمەدیـن فەقـێ عەبدوڵـڵا: تاوانێکـی لەبیرکـراو دەربـارەی ئەنفـال و تاوانەکانـی جینۆسـاید لـە کوردسـتان، وەرگێڕانـی: عـادل عەلـی، (سـلێمانی، ٢٠١٤).
١٤¬- نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن: حکومەتـی کوردسـتان کـورد لەگەمـەی سـۆڤێتی دا، چاپـی سـێیەم، چاپخانـەی تیشـک، (سـلێمانی، ٢٠٠٧).
١٥- هەژار عەزیز سورمێ: کورد و جینۆسایدو ئیبادەکردن.
١٦- هیـوا عەزیـز سـەعید: مێـژووی بەعسـیزم لـە عێـراق، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی کارۆ، (سـلێمانی، ٢٠٢٢).
١٧- یاسین سەردەشـتیی: کوردسـتانی ئێـران – لێکۆڵینەوەیەکـی مێژوویـی لـە جوڵانـەوەی رزگاریخوازیـی نەتەوەیـی کـورد (١٩٣٩-١٩٧٩)، چاپـی دووەم، چاپخانـەی سـیما، (سـلێمانی، ٢٠١١).